کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-5-2007 23:24بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## زیارەتی مەزاری پیاوچاکان و کۆمەڵگای کوردی ... گوڵاڵە پشدەری

لێرەدا ئەبێت لە سەرەتادا ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم، بۆ ڕوون کردنەوەی مەبەستم.

دیاردەی زیارەتی پیاوچاکان و چوونە سەر گۆڕی شێخ و سەیدەکانی لە ناو کوردەواری دا، هەر هەبووە و تا ئێستاش لە زۆر شوێن و لە ناو کامەڵگایەکەمان دا زیندووە. ئەم پیاوچاکانە مردوون، بەڵام هەندێک خەڵک هەن کە ڕۆژانە لە گەڵیانا ئەژین و هەروەها چۆنییەتی ڕۆیشتنی بەرنامەی ژیانی خۆیان بە گوێرەی ئەوان دادەڕێژن. بۆ نموونە: کردەوەی بەرد بە کێلی پیاوچاک نووساندن، بۆ ئەوەی بزانن باشە ئەگەر بڕۆنە سەفەر یان نە؟ وە هەندیک لە ئەم جۆرە کردەوانە.

خۆشبەختانە بە تێپەڕ بوونی قۆناغەکانی ژیان لە سەرتاسەری جیهاندا و شێوازی داب و نەریتی نوێ لە ناو کۆمەڵگای کوردیەوە، گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بە خۆیەوە گرتووە.

ئەم گۆڕانکاریە بە شێوەیەکی گشتی زۆر بە خێرای هاتە کایەوە، ئەویش بە بیر و بۆ چوونی من بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای ئەم سەردەمەیە. بۆ نموونە پەیدا بوونی کۆمپیوتەر و هێڵی ئەنتەرنەت و تەلەفۆن و دۆزینەوەی ئەم هەموو ئامێرە بە کەڵکانە و چارەسەری بۆ گرێ کوێرەکانی ژیان ڕەنگ و سیمایەکی دەروشانی بە کۆمەڵگا بەخشی. بەڕاستی ئەم گۆڕانە ژیانی مرۆڤی لە لایەک زۆر ئاسان و لە لایەکی تریش دژوار کرد.

لایەنە ئاسانەکەی زەقە، ئەمرۆ ئێمە دەزانین کە مرۆڤ بە نەخۆشی سیل Tuberculose)) نامرێت، دووای پەیداکردنی چارەسەری دژی ئەم نەخۆسییە. یان ئەمرۆ بە چەند چرکەیەک ئەتوانی پەیامی خۆت بۆ جێگای مەبەست بەگەیەنی و یان بە ماوەی چەند خولەک لە شوێنک بۆ شوێنێکی تر خۆت بگوازییەوە (سەفەر بە فرۆکە) .

لایەنە دژوارەکەی ئەوەیە کە، مرۆڤ هەست بە پێداویستی زیاتر لە ژیانیدا دەکات (بە کاڵا، شت و مەک) وەک تەلەفزیۆن، ئۆتۆمۆبیل، تەلەفۆن ... . یان جێگای حاوانەوە (ژوری زیاتر) ... ... ئارەزووی جۆراوجۆر ... ..

ئینجا ئەم گۆڕانکارییە ی کۆمەڵگا نەکو بەس لە سەر شێوازی ژیانی مرۆڤ کاریگەری هەبووە، بەڵکو لایەنە هزر و تێڕوانینەکەشی گۆڕیوە Mentality.

ڕۆڵەی ئێستا کەمتر بایەخ بە ڕابردوو ئەدات، ڕۆڵەی ئێستا زیاتر بیر لە ئێستا و داهاتوو دەکاتەوە: بیر لە وە دەکاتەوە ئەمرۆ چۆن بژێیێت و بەیانی چی بکات؟

هەرچەندە ئەزمون وەرگرتن لە مێژوو و ڕابردوو و گەورەکانمان گرنگە بۆ مرۆڤ. بەڵام ڕۆڵەی نوێ بە ئەم شێوازە بیریە تازەیە ی هەیەتی ئەیەوێت "خودی خۆی" بە ئازادی بتوانێت/ بۆی هەبێت هەڵبژێرێت، مافی دەربڕینی هەڵوێستی خۆی هەبێت و کەڵک لە خاڵە بە سوودەکانی ڕابردوو وەرگرێت.

بەڵام هەندێک دیاردە/کردەوە هەبوون کە دەستەی ڕابردوومان تێی دا سەرکەوتوو نەبوون، ئینجا جیلی تازە زیاتر لێی وورد ئەبێتەوە و بە پێویست و گرنگی نازانێت کە هەر ئەو کردەوانە ئەنجامی بدات یان کاری پێ بکات یان "هەڵەکان" دووبارە بکاتەوە.

ڕۆڵەی ئێستا ئەیەوێت خۆی توێژینەوە بکات و گرێ کوێرەکان بکاتەوە، نەک کوێر کوێرانە بە دووای داب و نەریتی ڕابردوو بکەوێت.

من بە پێویستی نازانم بۆ وەدی هێنانی مەبەستێکم بڕۆمە سەر مەزاری پیاوچاک یان شێخ و سەید.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەوانەیە بۆ سێبوری خەمی دڵ و بەدوواچوونی پرۆسەی لەدەستدانی ئازیزێک کە کاریگەری ئەبێت لە سەر ئەم پرۆسەیە، زیارەتی مەزاری بکەم بەلاّم چوونە سەر گۆڕی کەسێک کە" ئارەزووم" بهێنێتە دی، هەرگیز، هەرگیز...

بەداخەوە زۆربەی لە بەسالاّنچووانمان، ڕۆڵەکانیان ناچار و ئەمریان پێ دەکەن کە ئەوان بە گوێرەی ویست و خواستی گەورەکان بکەن و شێوازی ژیانیان بۆ دیاری دەکەن.

بۆ نموونە دایەگەورە فەرمووی: بەیانی ئەتبەم بۆ سەر مەزاری چاکی پیری هەنگۆزێ، بەخوای ئەو پیاوچاکە تا ئێستا کەسی نائومێد نەکردووە!. دەسا چار چیە؟ دایە گەورە ئەمری کرد و نابێت بێ ڕێزی پێ بکرێت و لە قسەی دەرچم.

ڕۆڵەی ئێستا نایەوێت بڕواتە سەر مەزاری پیرێک کە چەند چەرخ لە مە وەبەر کۆچی دووای کردووە و لە ناو گۆڕەکەی هیچی پێ ناکرێت!هەتا خۆی هەناسەشی پێ هەڵناکێشرێت، ئینجا من بڕۆم و پانای بۆ بهێنم و داوای لێ بکەم یارمەتیم بدات؟

بۆ چی ڕێگا چارەسەری تر نیە؟ تۆ بڵێی ئەو پیاو چاکە لە سروشت و لە خوا بە دەستەلاّت تر بێت؟

ئەوەی لای هەندێک پیرۆزە
لە لای ئەوەی تر جێگای پێکەنینە
ئەم دوو هزرە لە ناو دوو تاکی تەرازوودا
ئادەی توخوا بزانە کامیان لا سەنگە؟

گولاّلە پشدەری
2007/5/15
هۆڵەندا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.